لیبیا و دەستتێوەردانی وڵاتان … زاهیر باهیر

تەماشا بکە دەبینیت ئەم سیستەمە خەڵکی چەن بە بەها و سووك کردووە. بووەن بە پیاوی خەڵک، حیزب ، سیخووی دەوڵەتی، بەکرێگیراوانی وڵاتان کە ئینگلیز پێی دەڵێت mercenaries کە کورد پێیدەڵێت "جاش". تەنگە تا ئادیەکی کەم لە هەندەکیانا جڕرك لە دەسزی تیادابێت، یا هەڵکارەکی دیکەی هەبێت بەڵام بەشی زۆری بژێوی و بارخواری ژیان و بەدڕبەستیی و نەبوونی هۆشیاریی ، دەندەیی بێت. ئاخر کابرایەك هەڵکوتێتە سەر ماڵ و خاك و گەڵەکی دیکە و ئاوەی کە پێیبکرێت بیکات، بە ئاوەی بیناسێت و غەدرەك تاوانەکی بڕانبەر کردبێت …نازانم چ ناوەکی لێدەنێیت؟!!

من لەڕدا زیاتر دەموێت قسە لەسەر بەکرێگیراوەکانی دەوڵەتی تورکیا کە ناویان 'سوپای ئازادیی سوریا'یە، بکەم.
ئەڵێ لیبیا وەکو سوریا ئەمیش بووەتە مەیدانی لابەلاکردنەوەی کێشەی نەوانی دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ناوچەیی. حکومەتی ویفاقی لیبی کە لە لایەن ئیتالیا و قەتەر و تورکیا و هەکخراوی یو ئەن و هەندەك لە وڵاتانی دیکەوە پشتگیری لێدەکرێت و خەلیفە حەفتار-یش لە لایەن میسر و ئەردەن و ئەمارات و روسیا و فەرەنساوە لایەنگریی و کەمەکی پێدەکرێت، کێشەیەکی یەکجار گەورەیان بە ئاو خەڵکە هەژارەی لیبیا دروستکردووە، کوشتارگەلێکی بەشووماری تیادا دەکرێت.
تورکیا بە کەمکردنەوەی ئەزمەکانی نەو خەی بریاری دا کە کەمەك بە حکومەتەکەی لیبیا، ویفاق، بکات بە ئەمەش لە 24/12 دا 300 چەکداری لەو بەکریگیراوانەی 'سوپای ئازادیی سوریا' نارد ، لە 29/12 دا 350 بەکرێگیراوی تری نارد و لە 05/01/20 دا 1350ی دیکەی ناردووە .

بۆچی ئەمانە بەکرێگیراون؟

ئەمانە هیچ مەبدەئەك و مرۆبونەکیان لا نییە لە هەر شونەك بکرێت بەکرێبگرێن ئاوان بە دوودڵی دەچن و شك دەکەن . بە گوێرەی ڕاپۆرتەکی نوێی ڕۆژنامەی گاردیانی ئەڵێ 15/01/20 ئەم بەکرێگیراونە عەقدەکیان لەتەك یو ئەن-دا بەستووە بە پشتگیریکردن لە حکومەتی لیبیا، کە هەر بەکرێگیراوەك 2000 دۆلاری ئەمریکی

موچەی بەت کە لە کاتێکدا کە تورکیا شەڕی دژ بە کوردی پەرەپێدەکردن مانگی 450 بۆ 550 لیرەی تورکییان وەردەگرت کە بە پاوەندی بریتانی دەکاتە 52 بۆ 72 پاوەند.

هاوکاتیش تورکیا واژەی ئاوەی کردووە بە یو ئێن کە پارەی تەچونی چارەسەری بریندارانیان سەرفبکات و پارەی گەیاندنەوەی تەرمی کوژراوانیشیان بۆ سوریا، دەدات.
کاتێك ئەم بۆکرێگیراوانە دانیشتوانی شوێنی دیکەن ئاوەندەی ئامادەبن کە خەڵکانی نەیاری حیزبێکەیی و دەوڵەتێکەی بە بکوژن، ، لە لایەن ئەردەگانەوە گرەنتی ئاویان پەدراوە کە بکرێنە هاووڵاتی تورکیا.

لە سەدانیش ئاو بۆکرێگیراوانەی کە شەڕیان لە دارفەرد دەکرد و سکی ژنان و منداڵانیان هەڵەدەدەی ، ئێستا کە لە سەدان شار نییە ئاوانیش بە 3000 کەسیانەوە ئاوە چەند مانگێکە گەیشتونەتە شاری بنغازی بە شەڕکردن دژ بە جەناڵ خەلیفە حەفتار. بەرپرسێکی لیبی بە گاردیانی وتوە " ئاوەندە گەنج لە سەدانەوە هاتووە کە توانای دابینکردنی ژیان و پەداویستی ترمان نییە بۆیان" .

کەماندەکانی ئەمانە بە تەمان دوای ئاوەی کە عەقدەکیان لەگەڵ لیبیا و یو ئێن دا تەواو دەبەت بگەڕێنەوە بۆ سەدان و شەڕ دژ بە حکومەتی تازە بکەن . لە دیمانەیەکیانا لەتەك ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانییدا، یەکێك لەم کەماندانە دەڵێت " من دەزانم ئەمە مەسینارین [بۆکرێگیراو] ین شەڕکردنمان نە ڕۆژ و نە شەرەفی تیادایە … بەڵام ئەمە کاتیە و دوای تەواوبوونی موهیمەکەمان دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە " یەکێکی دیکەیان وتی " چەکداربوون و شەڕکردن وەکو بۆکرێگیراو، تاکە ڕێگەیەکە بۆ پەیداکردنی سامانێك کە دواتر بتوانین شەڕ دژ بە دەوڵەتی سەدان بکەین " … " باوەڕمان وانییە کە عومەر بەشیر تەواو بووبەت.. ئەمە ئێستا لە لیبیاین بەڵام مەعرەکەی دیکە لە سەدان چاوەڕوانمان دەکات.." یەکێکی دیکەیان لە تەابلوس، وتی " وەختی دیاریکراومان لەبەر نییە … تەنها چەك و تەقەمەنی و لەجستکی میللتاریی بەدەستدەهێنین بۆ گەڕانەومان بۆ سەدان" کەماندێکی تر وتی " تۆ خەت دەیزانی کە ئەمە کارێکی وامان نییە بۆیە جاری واهەیە کە دەبەت خەڵك بۆفڕنین و بۆ قاچاخ بیانگەیەنینەنە شوێنی پێویست" .
ئەمە ئاو دونیایەیە کە ئەمە تێیدا دەژین دونیای حیزبایەتی ، دونیای بۆکرێگیرا و سوپا و پۆلیس و سیخوو و دونیای حکومەت و دەولەت ، دونیای چینایەتی و کەمەڵی قووچکەیی. ئەمە ئاو سیستەمەیە

کە ئەمە لە سایدا دژین بارودۆخێکی ئاوا دەخولقێنێ تاکو کەسانێك بەکرێبگیرێن مانگی بە 100 دۆلار، کەمتر یا خود زیاتر و بنێ سەر خاك و ماڵ ومنداڵت و بتکوژن بە ئاوەی بتناسن ، بە ئاوەی هیچ ناکۆکییەکی لەتەکتا هەبووبێت ، یا خراپەیەکت بەرانبەری کردبێت.

15/01/2020

چیرۆکی دەرماڵەی پەرلەمانتاران و سوتاندنی بەژنێ هندییەکان … عەلی مەحمود محەمەد

تا ساڵی 1828 لە وڵاتی هیندستان ئاگر پیاو بمردبایا ئاوە ژنەکەشیان بە زیندویی بە زەر بە دەم شیوەن و گریانەوە لە گڵە پیاوەکەدا دەسوتاند. لە میسری کۆنیشدا ئاگر فیرعەون کە پەستی سەرك بوو نەك ناوی، هەر کەسەک بمردبایە ئاوا لە گڵە خەیدا زاڵو زیو و شتێ بە نرخەکانیان لە گڵەکەی دادنا, تا لە جیهانی داهاتوودا بەکاریان بهێنێت.
ئەم جۆرە نەرێتانە باو بوونە تا ماوەیەکی زەر، ئەستا پەرلەمان و وەزیرەکانی ئەمەش هەروا دەکەن, لە گڵە خەیانەدا نەسرێکان و حیمایەکانیشیان کە کورو زاواو خەزور و براو برازای خەیانن لە گڵە خەیاندا دوای خانەنشینیەکیان دەیبەن, من باسی سەرکی هەرەم و سەرك وەزیران و جەگرەکانیان ناکەم ئاوانێ ماڵی قارونیان هەیەو منەتیان بەو موچەو نەسریەو شتانێ نییە.

لە هەموو دنیا بەم وڵاتشاوێ دادپەروەری و ئەزموون وایە خانەنشین لەسەر بنچینەی موچەی بنەڕەتی خەی خانەنشین دەبێت, کە ئاوەی هەیە لە کوردستان زیاترە لە موچەی زیاتر لە نیوەی سەرکەکانی جیهان, هەرچی دەرماڵەی میوان و لیژنەو هاتوچۆیە ” سەرکی پەرلەمان دەرماڵەی میوانداری 4,5 ملیۆن دینارە، جەگری سەرکی پەرلەمان دەرماڵەی میواندداری 4 ملیۆن دینارە، سکرتێری پەرلەمان 3,350 ملیۆن دینارە، دەرماڵەی میوانداری پەرلەمانتاران یەک 1,5 ملیۆن دینارە، دەرماڵەی هاتووچۆیان 1 ملیۆن دینارە، دەرماڵەی لیژنە

500هەزار دینارە" , ئەم دەرماڵانە پەیوەندیان بە کاتی کارکردنیانەوە هەیە لەو شوێنە, کە کار نەما ئەو نەسرێو مەترسی و موخەسەاتانە پەویستە ببەدرێت, لەبەر ئەوەی لەبەرامبەر کارەکە بڕیان دابینکراوە, بڕیام بە پەرلەمانتارو وەزیر و ئەنجومەنی دادوەری لە کوردستان دوای خانەنشینین بڕیان بڕدەوام دەبێت و نابەدرێت , میوانانەو لیژنانەو هاتوچێیانەی خێیان هەر وەردەگرن. هەق وایە بە ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانن لەوێش سەسیال وەردەگرن، خارجیانەشیان بدەنە بە ئەوەی هاوکێشەکە تەواو بێت.

خاڵکی دیکە ئەوێە ئەم بڕیارانەی پەرلەمان خێیان لە باسکردنی لادەدن موچە زەبلاحەکانی ئەستیانە , کە لە موچەی زیاتر لە نیوەی سەرکەکانی جیهان زیاترە نێك ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتانە, ئامادەم بە فاکت بیسەلمێنم, پەویستە ئەو موچێیش بکەوێتە چوارچێوەی چاکسازییەوەو کەمبکرێتەوە بە نیوە , ئەگەر موچە بەرزەکان لە شوێن خێیان بمێنن کەواتە هیچمان نەکردووە, چونکە جیاوازی بەرزترین و کەمترین لە شوێن خێیان ماون, با هەر قەد ببڕین, گرنگ پەپەی سەرەوەو رەگی خوارەوێە, دوریان لە یەکتر کەمبکرێتەوە, کە قیاسی نا دادپەروەرییەکێە, گرنگ کەمکردنەوەی جیاوازی زەرتریـن و کەمتریـنە, ناوەند قورسایی لەسەر بودجەو نەهێشتنی دیاردێیەکی شاز هەیە, وەلە بە عەدالەت گرنگترین شت کەمکردنەوەی جیاوازی کەمترین و زەرترینە کە موچەی سەرکایەتی و پلە باڵاکانە لە گەڵ کەمترین موچە لە هەرێمی کوردستان کە چاودێری خەزانیێە, دەبێت ئەو جیاوازییە کەمبکرێتەوە , بە ئەوەی نەبێن لە کوردستان جیاوازی موچەی پەرلەمانتارێك و کەم ئەندامێك 116 جارە.لە کەتادا دەبێم لە دوای سوێندی 12 پەرلەمانتارێکی خولی پێشوەو کە سیانیان ئێستا سەرکی لیستن, باوەڕم بە هیچ کەس نەماوە, بێیە بە هیچ لێدوان و گفتێك ناکەومە سەما.

بەها و هەڵەی پێشبینییەکان …

ئارام سدیق

شاعیرکان لەو نەسلە هەستیار و پێشبینیکەرەکەی کۆمەڵگەن، ئەوان بەر لە هەرکەسێک ئایندە دەبینن و درک بە جوانی، یان دزێوی ژیان دەکەن. ئەوان بە ئەوە دەنووسن تا پانتایی جوانی فراوانتر بێت و ووبەری بیرکردنەوە تەنها بیرکردنەوەیەک نەبێت لە سنووردکی دیارکراوی سیستماتیک کراودا، بەڵکو ئەوان باڵی خەیاڵ بە وشە دەبەخشن بە ئەوەی سەرزەمینی نوێ و مەملەکەتی تازە بپشکنێت. شاعیرکان، ئەگەرچی ڕاوکەری جوانین، بەڵام چاوکی تیژ و هەستکی بەهێزیان هەیە بە بینینی ناشرینی و دزێوی. وشە تەنها مۆکی شاعیرکان نییە، بەڵام توانای دورستکردن و ئەفراندن و بەگەڕخستنی وشەی نوێیان هەیە. توانای ئەوەیان هەیە کە لە سیاقی دیاریکراودا مانای نوێ بە وشە ببەخشن.

سایانکی زۆر خوێنەری شیعرم، ئەمەش ئەو هەستی پێ بەخشیوم شاعیرێکی ئاستەقینەکان لە شاعیرە ساختەکان جیا بکەمەوە. مەرج نییە ئەوەی خاوەنی زۆرترین فرەشی دیوانە شیعرەکەی بوو ئەوە شاعیرکی ئاستەقینە بێت. وەک چۆن مەرجیش نییە ئەوەی خاوەنی خوێنەرکی کەم بوو شاعیرکی ڕاستەقینە نەبێت. سیازدە ساڵ لەمەوبەر شیعرنووسکی لاو دیوانە شیعرکی بڵاوکردەوە و لە ماوەیکی زۆر کەمدا زیاتر لە 30 هەزار دانەی لە فرەشرا، بەڵام من ئەوکاتیش دەمزانی ئەو شیعرنووسە، شاعیر نییە، بەڵکو تەنها لە شێوەی شیعردا گوزارشتی لە هەستکانی کردووە و نابێتە شاعیر وەک چۆن نەبووتە شاعیر و ئێستا میدیاکارە. بەڵام زۆر شاعیریش هەن وزەی شیعریی لە خوێنیاندایە و من سایانکی زۆر خوێنەری ئەزموونکیانم و دیوان دوای دیوان چاوەڕوانی بەرهەمی نوێیانم، یەکێک لەو شاعیرانە سەباح بەنجدارە.

زیاد لە دە ساڵە بە شیعریی ئەم شاعیرە ئاشنام، بەردەوامیش دەیخوێنمەوە و لەو شاعیرانەیە کە نامەوێت هیچ شیعرکی نوێی هەبێت و نەیخوێنمەوە، یەک دووجاریش سەرنجی خەم سەبارەت بە شیعرکانی نووسیوە، بەڵام ئەوەی لەم شاعیرەدا سەرنجم ڕادەکێشێت ئەوەیە کە بە شیعر و وشە دەسوتێت، دەیەوێت نوێگەریی بکات و هەوڵکانی هەر لە یەکەم کتێبی شیعرییەوە "زەوان" بەردەوامە و زەرجاریش بەنگ نەیتوانیبێت ئەوەی دەیەوێت پێی بگات، یان ئەوەی دەیەوێت بیگەیەنێت. بەشی هەرە زۆری کتێبکانی، یان دروستترە بڵێم هەمووی بەجگە لەم کتێبە نوێیەی، خاوەنی مانیفێستی شیعرییە. شیعر لای بەنجدار پەڕژە و بەرنامە و کردەیکی بەرنامەبەداڕژراوە، کە ئەمە

دەم مەبەستم ئەوەیە لە پشت ئیلهامی شیعرییەوە بەرنامە و پرۆژەی شیعریی ئامادەیە. هەنجەر دەیەوێت شتێک بگۆڕێت لە شیعردا، هەنگە بە من گۆڕینی چۆنی شیعریی بێت، بە کەسکی دیکە دەستکاریی کردنی زمان بێت، بە خوێنەرێکی دیکە داهێنانی هووئیایەکی نوێگەرانەی شیعری بێت. بەڵام هەنجەر دەیەوێت کار بە هەموویان بکات.

هیچ شاعیرێک نییە بتوانێت ئەزموونێکی شیعریی نوێ دابمەزرێنێت بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەزموونە شیعرییەکانی پێش خۆی، هامبەی شاعیر ئاگاداری تەواوی ئەزموونە شیعرییەکانی پێش خۆی بوو، بەیە لەو تەمەنە کەمەدا توانی ئەزموونێکی نوێگەرانە بە شیعریی فەرەنسی ببەخشێت. هەنجەریش ئاگاداری تەواوی شیعرییە هاوسەردەمەکانی خۆیەتی، ئەمە بەجگە لەوەی ئاگاداری شاعیرانی کلاسیک و نەوەی دوای خۆشیەتی، هەر ئەمەش دەتوانێت جگەی خۆی لەنێو ئەو ئەزموونە شیعریانەدا دیاری بکات و شوێنێک بە خۆیی و ئەزموونە شیعرییەکەی بکاتەوە. بەگومان کەم ئەو شاعیرانەی لە چێشنی هەنجەر خاوەنی ئەم ئاگادارییەن.

خاڵێکی دیکەی دیاری ئەزموونی ئەم شاعیرە مانیفیستە شیعرییەکانیەتی، کە نیشانەی سەرنجدان و دەستنیشانکردنی ئەو خاڵانەیە کە دەیەوێت هووبارێکیان لە داگیر بکات. کاتێک دیوانی "خۆون وا خۆی گۆڕایەوە" دەنووسێت هووبارێکی کارکردنی خۆی لە خۆوندا دیاری دەکات. کاتێکیش "سرودی زەوی" دەنووسێت، هووبارێکی دیکە بە کارکردن و ئەفراندنی شیعریی دیاری دەکات، کە جیاوازە لە هووبارەکەی پێشوو. بە شیعر لای ئەم شاعیرە وەستان نییە لە خاڵێکدا و ئیدی هەر لەوێدا بەدوای هەوای تازە و هەور و خۆنی تازە بگەڕێت. بەڵکو شیعر گەشتکردنە، بەڵام بە هەموو هەگبەکیشدا نا، بەڵکو تەنها بەو هەگبانەدا کە شاعیر بە مەبەستەوە هەڵیان دەبژێرێت، یان هەنگە هەندێک لە هەگبەکان بە بەبێ پلانی پێشوەختە لەبەردەمیدا بکرێنەوە.

بەها و هەڵەی پێشبینییەکان، نوێترین کتێبی شیعریی ئەم شاعیرەیە، بەو پێیەی مانیفێستی نییە و شاعیر مانیفێستی بە ئەم کتێبەی نەنووسیوە، دەشە کەمێک تایبەتمەندتر دەربکەوێت، بەڵام بەهەمان شێوەی کتێبە شیعرییەکانی پیشووتری کارکردنە لەسەر هەڵەکی شیعریی، هەڵەک کە شاعیر سێ دەخی جیاواز دابەشی کردووە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەم شاعیرە دەیەوێت لە سێ دیدگاوە دونیای نوێی شیعریی خۆی بە هەنگ و بەرگێکی نوێوە بنووسێتەوە. دەخی یەکەم دەخێکە جیاوازە لە دەخی دووەم، ئەمەش هەر لە ناونیشانی شیعرەکانەوە تا

وشە بە وشەی شیعرەکان ئەو جیاوازیی کارکردنە هەست پێ دەکەین. لە دەخی دووەمدا خوێنەر بەر دوالیزمە دژەکانی وەکو "هاتن و نەهاتن" دەکەوێت و ئەمەش لە ناونیشانەکاندا تێنگدانەوەی هەیە، بەڵام دەخی سێیەم لە دەخی دووەم و یەکەمیش جیاواز تر و کارکردنە لە ووبەرەکی شیعرییدا کە گەیاندن، یان باسکردنە لە حاڵەت و پنت و جگەی نەو بوونی ئینسان.

ئەستا دەشێ بپرسین نووسینی مانیفەست بە ئەزموونی تێنجدەر ئەستا گرنگی هەیە، یان نییەتی؟ ئەگەر هەیەتی چییە؟ بەپێچەوانەشەوە. بەڵای منەوە تێنگەهەکاری نەنووسینی مانیفەست بە ئەم دیوانە شیعرییە بە ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر چیدی بەوای بە نووسینی مانیفەستی شیعریی نەمابێت، چونکە لە سی ساڵی ڕابردووەدا مانیفەستی شیعریی خەی ڕووکردووەتەوە و چیدی پەویستی بە نووسینی مانیفەستی تر نەماوە. بەڵام ئایا وەهایە؟ بەگومان من وایدەبینم کە ئەو خوێنەرەی لایوابێت دوای سی ساڵ نووسین و ژیان لەنەو شیعردا شاعیرێک نێتوانیبێت پەیامی خەی ڕوون بکاتەوە کەواتە هیچی نەکردووە.
بەیە هەنووکە مانیفیستی تێنجدەر ڕوونە و پەویست بە مانیفەست ناکات، بەڵام ئەی ئەگەر لە کتێبی دواتردا مانیفەستی نووسی، ئایا هیچی نوە دەخاتەڕوو، لامواید ئەمە پرسیارە جوهەرییەکەیە و کە پەموایە چیتر ئەزموونی ئەم شاعیرە پەویستی بە نووسینی مانیفەست نەماوە. چونکە " بەها و هەڵەی پێشبینییەکان"، ئەوەی تێپەڕاند کە ئەزموونی ئەم شاعیرە پەویستی بە مانیفەست هەبێت، خودی دەقەکان مانیفەستن. بەگومان من لە گرنگی مانیفەستەکانی دیکەی کەم ناکەمەوە. بەڵام مەرج نییە شاعیر ئەو نەریتە نەشکێنێت کە خەی دایهێناوە، چونکە هەموو شاعیرێکی داهێنەر، شاعیرێکی نەریتشکێنە، ئەگەر نێتەکە خەیشی دروستی کردبێت، چونکە خودی شیعر ئەو نەریتشکێنییە دەخوازێت و وەکو مار بەردەوام کاژ فەدەدات و خەی نوە دەکاتەوە.

ئەم دۆخە تازەیەی ناوچەکە بە سەرکوتی ئاپۆینی جەماوەریی و تێپەڕکردنی ئەم دۆرە شۆشگێڕانەیە! ... نووری بەشیر

پەیوەندیت هەموومان لەسەر ئەو هاوڕابین کە کوشتنی قاسم سولەیمانی سەرتایەکە بۆ هاتنکایەوەی گەڕانکاریەکی گەورە لەدۆخی ناوچەکە بگشتی و کەشمەکەشی پێشوتری نێوان ئەمریکاو ئێران، بەتام هەرنگە لەکدانەوەی هەمووان بۆ ئەم دۆخە تازەیە و ئەو ئاوگۆڕانەی کە بەسەریدا دێک یەک نابە هەرکەس و لایەنە پێشبینی جیاواز بکاو لەرشەوە سیاسەتی تایبەت بە خۆی بخاتە ڕوو. من لێرەدا کورتەی لەکدانەوە و بۆچونی خۆم دەخەمەڕوو:
هەمومان ئاگاداری ئەوەین کەسانێکە شارەزاتی ناوەڕاست بۆتە مەیدانی جەنگ و کەشمەکەشی نێوان هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان و چالاکبوونەوەی چەندین هێزتی لەکاتی بەرژوازی و لەم نەوشدا چەندین قوتبی سیاسی و ئابوری و سەربازی سەریان دەرهێناوە و بەدوای خۆشیاندا دەوڵەتانی ناوچەکەو بزوتنەوە بەرژوازیەکانیان ڕاپێچی جەمسەرگیری و هاوکێشەیەکی ئاڵۆز کردووە. ئەم دۆخە کە لەسەر زەمینەی قەیرانکی ئابوری جیهانی سەرمایەداری شکڵی گرتووە، هێزە جیهانی و ناوچەییەکانی بەتوندترین و خوێناویترین شێوە لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و بەدەستهێنانی ناوچەکانی نفوز و بازاری زیاتری کار و سەرمایە، خستەتە بەرامبەر بەیەکەوە. بە ئاسایی بەرژوازی جیهانی لەسازدانەوەی دونیای چەند قوتبیدا، لە بە ئاڵتەرناتیڤیدا بە مەسەلە سەرکیەکانی وەک قەیرانی حکومەتی لەڕەژەهەتات، ئاسەی پەرەسەندنی سەرمایە، چەنیەتی سەرکوتی ئیعترازی نەوەی کەمەیەتی کە لە بەهاری عەرەبیەوە سەری لەشۆش و ڕاپەڕینەکان دەرهێناوە، هەڕەنج دەبات.
لەم نەخشەدا سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا وەک هێزێکی سەرەکی لەناوچەکەدا، بەردەوام ڕوو لەخوار و شکستە. خودی سەرهەڵدانی ڕوسیا و چین وەک قوتبی سەربازی و ئابوری لەبەرامبەر ئەمریکادا، هەروەها دووبارەبوونەوەی ئەورووپا لەئەمریکا، تەنانەت دەرکەوتنی تورکیا و ئێران وەک دوو هێزی ناوچەیی.. هەموو ئەمانە خۆی بەمانای شکستهێنانی هێزی بادەستی جیهانی ئەمریکا و ستراتیژیەکە کەلەم

پەناوەدا گرتبووی بەر.
ئەمریکا لەعێراقدا بە دەوریەک کەوتە زەواجکی سیاسیەو لەگەڵ ئێراندا، تا پێکەوە لەهاوسەنگیەکی سیاسی و سەربازیدا وەبات بەدەو بەرەن و قەیرانی حکومەتی لەعیراقدا رابگرن، بەڵام ئەم زەواجە زۆری نەخایاند و گەڵدرا بە کێشمەکێشکی سەرکی نێوان ئێران و ئەمریکا، بەتایبەتی بەدوای دەرچونی ئەمریکا لەڕێکەوتنی ئەتەمی لەگەڵ ئیران و تەواوبوونی شەڕی داعش و کشانەوەی لەسوریا و دەستبردن بە سیاسەتی میلیتاریزەکردن و لەشکرکێشی بۆ ناوچەی خەلیج.. لەڕەو جارێکیتر عێراق وەک پێگەیەکی سیاسی و عەسکەری قورسایەکی زیاتری لەسیاسەتکانی ئەمریکادا داگیرکرد و بووە مەیدانێک بۆ هەستانەوەی باڵادەستی و قودرەت نمایی ناوچەیی و جیهانی ئەمریکا لەبەرامبەر حەریفەکانیدا.
سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە جەماوەریەکان لەناوچەکەدا ناوەراست (لوبنان، عێراق، ئێران) و سەرهەڵدانی دەوریەکی شۆڕشگێرانە، لەدژی سەرمایەداری دەسەڵات و سیستەمی ئابوری لەم وڵاتانە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کەمەڵگەی لەیەک خەباتی چینایەتیدا خستە بەرامبەر بەرژوازی و دەسەڵاتکەیەو. ئەمە تەنها دەرکەوتنێکی چینایەتی کرێکار و زەحمەتکێش نەبوو، بەڵکو فاکتەرێکی سەرکی بوو لە ئاوگەڕپەدانی هاوکێشەی سیاسی نێوان هێزە بەرژوازییەکان لەئاست ناوچەکەدا. واتە ئیتر ئەو تەنها کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتان و هێزە ئیمپریالیستەکان نییە کە لەمیژووی ئەستادا کایە دەکەن، بەڵکو ئەو هاتنەمەیدانی شۆڕشگێرانەی جەماوەر و دەرکەوتنی چینی کرێکار و زەحمەتکێشە کە دەسەڵاتی بەرژوازی خستە بەردەم مەترسیەو و خەریکە بەن بە شۆڕشی کرێکاریەو دەکات، ئەمەش هەموو چینی بەرژوازی (جیهانی و لەکەڵی) سەرەڕای ناکۆکیکانی نێوانیان، خستە بەرامبەر بەخەیەو. بەڵادیەک کەبە سەرکوت و کتایەهێنان بەم ڕاپەڕینە جەماوەریە، بەرژوازی ناتوانێ هیچ هەنگاوێک بەئاراستەی پڕۆژە و سیاسەتکانی بۆ سازدانەوەی سیستەمی سیاسی و ئابوری لەڕەهەندا بنێ. لەم ڕوانگەیەو من پێم وایە هەرجۆرە لەکدانەوەیەکی دەخەکە و گرتنبەری هەر سیاسەتێک لەبەرامبەریدا، بەبێ ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریە و خواستکانی، وەک محیوەرێکی سەرکی جگا نەگرێ، ئەوا ئەو لەکدانەوە و سیاسەتە لە لەکدانەوەیەکی ژورنالیستی و نا دەخالەتگەری تێپەڕ نابێ.
ئەوە ڕاستە کە کوشتنی قاسم سلەمانی و ڕووداوکانی دوای ئەمش، فەزای میلتاریزم و تیرەریزم و لەشکرکێسی لەئاست ناوچەکەدا پەرە پێدا و توندی دەکاتەو و دەورەیەکی تر لەکێشمەکێش و خونەڕژی و

بەمب گوزاری و ئینسانکوژی و وێرانی و تەنانەت جەنگی نیابەتی و دەستبردن بۆ گەمارۆی ئابوری... خۆش دەکات، هەروەها ڕێگا خۆش دەکات کە دەستوەتاقمی میلیشیایی و گروپە سەکتە ئاینی و قەومییەکان لەسایەی ئەم دەخەدا جارێکی تر بەربنەوە گیانی هاوڕاتیانی مەدەنی، تەنانەت ئۆوش ڕاستە کەلەم دەورە تازەیەدا هەم ئەمریکاو هەم ئێران وەک دوو جەمسەری تیرۆریزمی دەوڵەتی، بەشوێن ئامانجە ناوچەیی و ستراتیژیکانی خۆیانەوەن، بەڵام تەواوی ئەم دەخە تازەیە لەئێستادا بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی جەماوەری و تێپەڕکردنی ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیە لەیەک فەزای جەنگی تیرۆریزم و میلیتاریزمدا، ڕاپەڕینێکی جەماوەری و دەورەیەکی شۆڕشگێڕانە کە دەستەڵاتدارێتی بەرژوازی خستەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و حوکمەتکانی عێراق، ئێران، لوبنان و خستەتە ترس و لەرز و داماندەوە و هەتا ترسی خستەتە هەناوی حکومەتانێکی تری ناوچەکەش.

ئەوەی کە حەسان نەسروا تا دوێنێ زەلیل و ریسوای بەردەم خەڵکی ڕاپەڕیوی لوبنان بوو، ئێستا زمانی دژی ئەمریکایی و ئیسرائیلی درێژکردووە و فەزای خۆپیشاندانەکانی لەترس و دڵەڕاوکێی تەسەندنەوەدا ڕاگرتووە. لەعێراق ئیزی لەبەریەک ترازاوی ئەحزابی شیعەی یەکخستووە و لەژێر پەرچەمی دژی ئەمریکایدا کەی کردوونەتەوە و بەم پەرچەمەوە کەوتونەتە هەڵپەچانی خێمەی خۆپیشاندەران لەبەسرەو ناسریە. لەئێران سیناریۆی بەخاک سپاردنی سولەیمانی و موهەندیس سەدان هەزار کەسی بەپەرچەمی دژی ئەمریکایی و تەکردنەوەوە هەناوەتە سەر شەقامی شارەکانی ئێران کەدوێنێ جەگای خەڵکی ڕاپەڕیو بو... هەموو ئەمانە دەرکەوتە سەرتاییەکانی سیاسەتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی جەماوەری ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیە کە لەناوچەکەدا هەیە کەدیارە لەگەڵ تەقاندنی هەر موشەک و کردەوەیەکی تیرۆریستاندا، لەلایەن ئەم دوو لایەنەوە واتە ئەمریکاو ئێرانەوە، فەزا زیاتر لەدژی جەماوەری ڕاپەڕیو و خواستەکانی توند دەبێتەوە، تا سەرئەنجام خەڵکی ناچار بکەن دەست هەڵبگرن و بەنەوە ماڵەوە. ئەمە خاڵی جۆهەری و ئامانجی سەرەکی ئێستای توندبوونەوەی ئێو کەشمەکەشەی نێوان ئەمریکاو ئێرانە کە بەدوای کوشتنی قاسم سولەیمانیدا هاتەکایەوە.

بەبەوای من دیفاع لەڕاپەڕینی جەماوەری و خواستەکانی لەئاست ناوچەکەدا میحوەری هەر سیاسەتێکی کەمانیستی و کرێکاریە، تەنانەت لەئێستادا خەبات لەدژی ئەم فەزا جەنگی و تیرۆریستیە، دەبە بە هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم پشەوێکان و فروان بوونەوە و ڕادیکاڵ بوونەوەی ئەم جوڵانەوەیە بێت.

دیفاع لەڕاپەڕین و خواستەکانی، یانی بەدەستەوەگرتنی هەمان خواستی

چوونە دژەوەی هێزەکانی ئەمریکاو ئێران و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەیە، یانی خواستی ڕوخانی ڕژێم و سەراپای دامودەزگاکانی بەرژوازی، یانی هەڕەشانەوەی میلیشایی حزبەکان و سپاردنی چارەنوسی عێراق بەدەستی خەڵکەکەی. لەیەک وتەدا دیفاع لەراپەڕینی جەماوەری و خواستەکانی خەباتە بۆ بەدەستهێنانی ئازادیەت و پاراستنی پایەکانی کەمپەینی مەدەنی و بەرگرتن لەداڕمانی زیاتری..
بەبۆای من کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان چ لەئاستی جیهان و چ لەناوخۆی هەر وڵاتێدا (دیارە هەر وڵاتێ بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خۆی) لەجیهەتی ڕەبازێکی سیاسی وادا دەتوانن ئەرکە محەلی و ئەنتەرناسیونالیستەکانیان بەرنەپێشەوە. ئەمە بانگەوازی شۆڕشی بەردەوامی مارکسە، کەوایە نابێ ڕەگا بەسەرکوتی ئەم بزوتنەوەیەی بەڕەکەوتووە بدەین. لەیەک وتەدا ڕاپەڕین و خەباتی جەماوەری لە ڕژهەڵات چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی جیهانی بانگەواز دەکات کە لەدەی قەیرانی ئێستای بەرژوازی جیهانیدا، بەرەو گرتنەبەری ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری بڕۆن.
لەکۆتاییدا خاڵێک کەدەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە کەئایا ئێگەری "جەنگی سەهەمی کەنداو" لەئارادایە؟ ئایا ئەم دەخە بەرەو جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەدژی ئێران دەڕوات؟
پەدەچێت ئەمریکا بەو ئەنجامە گەیشتووە کەسیاسەتی گەمارۆدانکان لەدژی ئێران کافی نییەو دەبێ فشارەکانی ببات ئاستێکی تردا، ئەویش لەڕێگای توندکردنەوەی فەزای جەنگی و تیرۆریزمەوە، تا هەم ڕێگەی ئەوروپا لەبەرامبەر ئێراندا بڕیتە دواوە و بیانخاتەوە ژێر کۆنفی خۆی، وەهەم ڕێگەی ناوچەیی ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئەم دەخە لەئێستادا بەشێکی سەربازی ڕاستەوخۆی نەوان ئێران و ئەمریکا بگەڕێ ئەگەرێکی نامحتەمەلە، چونکە نە ئێران دیدوەت جەنگ بچێتە خاکەکیەوە و نە ئەمریکاش سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ئێستای جەنگە لەدژی هیچ یەک لەوڵاتانی ناوچەکە.
لەسەریکی ترەوە هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد تووندبوونەوەی کەشمەکەشی نەوان ئێران و ئەمریکا لەئێستادا بە سەرکوتی ڕاپەڕینە و بەدژی فەزای شۆڕشگێڕانەی ناوچەکەیە بە پشت ئاستکردنەوەی حاکمیەتی کۆنەپەرستی زەربەخواردووی بەرژوازی ناوچەکەیە کەلژێر کارگەریکانی جوڵانەوەی سەرنگونی خوازی جەماوەرەوە لەئاست ناوچەکەدا لەق بووە..

تێبینی: قسەوباسی نوری بەشیر لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە پانێڵەکەدا لەلەندەن کە بە ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکانی ئێران، کوردستان، عێراق و بەریتانیا سازدرا ڕۆژی

لە سوچێکی پەنجەرەکەتەوە ... سەدا جودەت

بە درێژایی شەو
دانیشتن بە دیار پەنجەرەیەکەوە
روح لە تەنگژەی دنیا گیر دەکا
لە سوچێکی پەنجەرەکەتەوە
سەیری ئەو پیاوانە بکەی
کە بە دەست ویسکیەوە
گیریان خواردوە
یان ئەو ژنانەی
بە دیار لەدانی مەردەکانیان هاوار دەکەن
تە بیرکەوە
ئەوەی تە ناوت لە ناوە گرفت
ئەبە چ وەهمێک بە..؟ ئافراندوتە
لە سوچێکی پەنجەرەکەتەوە
چیرۆکی سەیر و حاجباتی هەیە
بەنی کولەرایەکی سوتاو ئەو ناوەی شەواندووە
ئاوازێکی درێندە دەستی بەسەر کەشاوە
لە سوچێکی پەنجەرەوە
دونیا شتێکی تر هوتاف دەدا...

سەدا جودەت

کچەی خوێنەر... تازەترین کتێبی نیهاد جامی

، نەقلئتەکە وێنەیەکیتری ڕەشنبیر دەخاتە ڕوو، وێنەی مرۆڤەکە لەپشت هەولی گرانکاری بۆ کەمالگا، ئەو ڕەشنبیرە مرۆڤەکە هەول دەدات گوتارەکەی بخاتە ژێر ئارەزووە خودیەکانی، لەداهاتوودا ئەو کتێبە لە سایتی .دەنگەکان دەخوێنەوە

کێشانکی ناو دە ... تەحسین ئیسماعیل

لەو دەمەی ئازار لە لوتکە دەبە
بە هودە
دە بەدوای چارە دەگ
کاتێک بیرم لەوە کردەوە
بە جارێکیش بە
دەردە دە بنوسمەوە
بریار وابوو
لە نیوەی کۆتای
دەریا خەم
دەست بە مەلە بکەم
نەمدەزانی لە کامە دەرگا
بکەم و بچمە ژوورەوە
لە کۆتا هەنگاو
بە بە هەشی
لە گۆڕەنی
دەزەخی
ئا و نا
خەم لە وونبوەوە
زەر بەووردی

هەوی گەانم بە دەدا
دستم بە هەر کونجک دەبرد
نەمدەتوانی
بەرگەم نەدەما
کاتە یادگارەکی تەم
تیادا ئەدەزیەو

تەحسین ئیسماعیل

مانیفەستی تەنیایی ەاگوزەر بە غەریبیدا … زانا سامان

دوور و نزیک شەقامەکانی مەستیم تەیکرد، ئەمشەو
گەرانی دیلانم دەچێ و
گەنجە سەرمەستە ئەمانەکانیش
وتنەوی
مانیفەستی تەنیایی من،
من هەر خەم بووم و هەر خەیشم نەبووم
هەتا زیاتر ئەستەرەکانم بژماردبا
زەدەتر لەگەە ژیان ئەدەەام
ئەستایش ژیان
دوو هەزار و بیست سالی خەیشی هەیە و
منیش وەک هەمیشە هیچ،
هیچ لکاوە بە تەمەنمەوە
لە خەم ئاەاوە
لەناو ژیندا هەند بەرجەستەیەکی ساردەوە بووم
دەەی لەکەنار دەریایەکی بەستوودا
خەونکی تائەبەد گرتوومی،
چ نییە ئازیزانم
چ نییە …
بەتاقەتی هەرەی مەراقیش
ئەقزەتەوە بە خەی،

چاتر نیێ ...شیعرم هەر ساویلکەیەکەو
پێنووس خوێنم هەڵدەمژێت
بە مانەوەی
پەردە پێشی ژیانی من.

زانا سامان

ڕووت ... تەکست : د. چیا زەنگنە وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

بە چەک
بووین بە بازاڕێک
بوین بە کەیلە
بە فرۆشراوێک
مەحکوومین بە ترس
بەیان بووین بە پاسەوان
حەو...حەو
ئیشمان هەر وەیناڵە
لە کاتێکا ڕووت و قووتین
بووین بەبازاڕی نەوت

لەژێر بارانا
لەژێر بەفرا
بەرامبەر ڕێشەبا
شەو و ڕۆژ
پارچەی لەشمان
بە هەموو شوێنێکا
کەووتوە...لەرە و لەوە

نیشتمان
بووە بە "قەحبە" یەک
ڕووت و قووت
هەر کەس هاتە لامان

ئەتکی کرد
ئەتکیان کرد :
بەناوی خواوە
بەناوی سەربەخۆییەوە
بەناوی دیموکراسییەوە
لەژێر باری چەکا
بووین بە زەرانخانەیەک
بە کەشتن…بە ئاگاییەوە
لە هەنوو شوێنکەوە بکرە گیراو
وەک گەشتیار ەووەمان تێئکا
بەترسەوە ئەنووین
بە " زەەین" ی بەیانیانەوە
بەخەبەر یەین
جواردەورمان
مووشەک
… سوپا
….سەرکردە
و
تینوانی خوێنە
خەمان
نیشتمانمان
ئینسانی بوونمان
جەستەمان دائەپۆشێ
گەلەک بە پانتەە
بە کراس
بە شەبقە….بە ملپەچ'
هیچ دامان ناپۆشێ
ەووت.

تەکست : د. چیا زەنگنە
وەرگەەانی: پشکۆ ناکام

چاکسازی وا ناکرێت ... ئەحمەد کامەران

چاکسازی :ئەو دەستەواژە گەورەو پیرۆزەیە کە ئەنجامدەرێت لە پێناوی نەهێشتنی گەندەڵی و نایەکسانی لە سەرجەم کەرتەکانی وڵاتدا, واتە بە ئەنجام دانی چاکسازی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ دەستەبەر دەکرێت بەبێ هیچ جۆرە جیاوازیەکی چینایەتی کە ئەمەش لە دەرئەنجامی ئەو چاکسازیەدا دادپەروەری بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرقەرار دەبێت لە نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەبێ ئەوەی تاکێك لە ووی دارایيەوە باشتر بێت لە تاکێکی دیکەدا بەکو بە پێچەوانەوە هەموو تاکەکان خۆیان لەیەك ئاستدا دەبیننەوە وە هەروەها بە ئەنجامدانی چاکسازی دەبێتە ڕێگایەکی گەورە بۆ نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان چینی هەژاران و دەڵەمەندان.

لە کابینەی نێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەواژەی چاکسازی وەکو قەلغانێکی گەورە هاتە نێو گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانەوە ,بەڵام هەرچەندە لە کابینەکانی دیکەش ئەم دەستەواژەیە قسەی بریق و باقی لەسەر دەکرا بەڵام لە کۆتایی دا بۆ دەرئەنجام بوو,بەڵام پڕۆژە چاکسازیەکەی ئەم جارەی کابینەی نێیەم تەنیا قسەی بریق و باق نەبوو بەکو بە کردار ئەنجام درا و ڕەوانەی پەرلەمان کرا بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی چوونکە خۆی لە بنەڕەتدا دەستەواژەی چاکسازی بریتیە لە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگا کە هەروەکو لە سەرەتادا ئاماژەم بە دەستەواژەی چاکسازی)دا, بەڵام ئەو چاکسازیەی لە هەرێمی کوردستان ووی من پێم وایە بە دەستکاری کردنی دەستەواژەی چاکسازی دادەنرێت, چوونکە نەبووە هۆی چاکسازیەکی ڕاستەقینە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا بەکو لە دەرئەنجامی ئەم چاکسازیە بووە قازانجێك بۆ بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە خۆیان بە پلە باڵا هەژمار دەکەن, واتە لێرەدا دووبارە دەستەواژە ڕاستەقینەکەی چاکسازی و و لەگەڵ بەرقرارکردنی دادپەروەری هەردووکیان بە شێوەیەکی کتوپڕدا تیرۆر کران .

ئەوە هەر مۆڕەکانن ئەگەر بیانووت یەکسانی بەرپابکەن بەرپای دەکەن یاخود بەپێچەوانەوە ئەگەر بیانووت نایەکسانی بەرپابکەن ئەوە زۆربە شێوەیەکی ئاسانتر بەرپای دەکەن لە بەرپاکردنی

یەکسانیەکەدا, بەڵام ئەوەی کە من بینیم و گوێبیستی بوو لەم پڕۆژە بە ناو چاکسازیەدا زۆر نیگەرانی کردم ,چوونکە دەستە ماندووەکانی کارگوزارێکم بیر هاتەوە کە بەیانیان زوو لە سەرماو گەرمادا لەنێو شەقام وشۆستەکانی شاردایە کە بە جوانترین شێوە خاوێنیان دەکاتەوە کەچی تەنیا 300هەزار بۆ400هەزاری پێ دەدرێت, بەڵام لەپاش ئەوەی کە تەمەنێکی زۆر لە خزمەتکردنی شەقام وشۆستەکانی شاردا بەڕدەکات کەچی لەکاتی خانەنیشینەکەی تەنیا 200 هەزارێکی بەزۆر پێی ڕەوا دەبینن واتە نە لەکاتی کارکردنەکەی دا خۆشی لەخێی بینی کەچی لەکاتی خانەنیشیکردنەکەیشیدا بە تەواوەتی ژیانی لێ بوو بە دۆزەخ, هەروەها بە هەمان شێوەش فەرمانبەرێکیش ساڵانێکی دوورودرێژ لەنێو فەرمانگەکەی خێدا خزمەتێکی بەرچاو پێشکەش دەکات کە ئەم فەرمانبەرە بە بۆنەی پشتی حکوومەت دادەنرێت بەڵام حکوومەت ئەم بۆنەیە پشت گوێ دەخات وکەمترین مووچە بۆیان دابین دەکات کە لەشایستەی ئەو ماندووبونەیان دانیە لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەدا پێشکەشیان کردوە , کەچی لەلایەکی ترەوە دەبینین پەرلەمانتارێك یاخو وەزیرێك یان بریکارێك یان ئیتر چووزانم هەر بەرپرسێکی تر بێت کەچەند ساڵێکی کەم لە سەر ئەرکێکی زۆر سادە و ساکاردایە کە زۆرجاریش ئەو ئەرکە سادەو ساکارەی خێی بەشێوەیەکی تەواو جێ بەجێ ناکات یاخود گەندەڵی تێدا دەکات کەچی لە پاش ئەوەی دەستبەرداری ئەو پۆستەی دەبێتەوە بە پارەیەکی زۆر زەبەلاحەوە بێ خێی لە ماڵەوە ئیسراحەت دەکات , وە جیاواز لەو پارە زۆرەی کە لەکاتی خانەنیشین بوونەکەی وەری دەگرێت کەچی لەپاڵ ئەوەدا لە کاتی خێی کە لەپۆستەکەی دابووە بە چەندین ئیمتیازاتی جۆراو جۆری دیکەی بێ خێی و خۆزانەکەی دابین کردوە واتە تەنیا ئەو پارە زۆرەی کەلە کاتی خانەنیشین بوونەکەیدا وەری دەگرێت تەنیا وەکو شیرینیەك وایە کە بۆخێی دەیخاتە گیرفانیەوە.

چەندە جوانە کە مڵقەکان مافی یەکتر نەخۆن و بێ خێیان زۆر بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان خێیاندا بێ خێیان دابەشی بکەن بەبێ ئەوەی هیچ کەسێك مافی کەسێکی تر بخوات و خێی بسەپێنێت بەسەر کەسانی دیکەدا ئیتر بەم شێوەیە چاکسازیەکی ڕاستەقینە دروست دەبێت.